# مناره، گرنگی و بایەخی لە شارستانیەتی ئیسلامی دا

**إكرام شيروان حسين[1]، زريان سالار حمەعارف[2]**
[1,2] بەشی شوێنەوار ،کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان ،زانکۆی سلێمانی، شاری سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: Ikram.hussein@univsul.edu.iq

**پوختە:**
مناره بە گرنگترین و بەرچاوترین پێکهاتەی بیناسازی مزگەوت دادەنرێت، لە دەستپێکی شارستانیەتی ئیسلامی دا و لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) وەکو پێکهاتەیەکی بیناسازی بوونیان نەبووە، بە هۆکاری سەرقاڵی بڵاوکردنەوەی بانگەوازی ئیسلامی و سادەیی شێوازی بیناسازی موسڵمانان لە سەرەتای سەدەی یەکەمی کۆچی دا، دوای فتوحات و بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام لە دەرەوەی نیوەدورگەی عەرەبی بەتایبەت لەسەردەمی عومەری کوڕی خەتاب، و تێکەڵاوبوون و ئاشنابوونی موسڵمانان بە شارستانیەتە گەورەکانی ئەو سەردەمە، وەک: ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی مەسیحی و ساسانی زەردەشتی و بوزی و هیندۆسەکان لە هیند و خۆرهەڵاتی دوور، وای کرد هەریەك لەم شارستانیەتانە بە جۆرێك لە جۆرەکان کاریگەری دروست بکەن لەسەر موسڵمانان بە تایبەتی لە بواری بیناسازی دا، کاتێك بینییان کەنیسە و پەرستگاکانی شام و دەوروبەری بورجیان بۆ دروستکراوە وەکو هۆیەکی ئاگادارکردنەوە بەکاریان دەهێنن بۆ کۆکردنەوەی شوێنکەوتەکانیان و ئەنجامدانی پەرستشەکانیان، لەمەوە موسڵمانانیش فیکرەکەیان گواستەوە ناو شارستانیەتەکەیان و منارەکانیان وەکو پێکهاتەیەکی گرنگی بیناسازی لە مزگەوتەکانیاندا دروستکرد و لەسەریانەوە بانگ بێژەکان بانگیان دەدا و کاتی نوێژە بە کۆمەڵەکانیان بەبیر موسڵمانان دەهێنایەوە، هەروەها بۆ جاڕدانیش بۆ کاتی شەڕ و جیهاد و هێرشی دوژمن یان ڕووداوێکی پەیوەست بە ژیانی کۆمەڵگەی شار و لادێکانەوە بەکاردەهاتن.
**وشە کلیلییەکان:** مناره، مزگەوت، بیناسازی، شارستانیەتی ئیسلامی، کەرپوچ.

**الملخص:**
تعتبر المئذنة من أهم وأبرز الهياكل العمارية للمساجد، ولم تكن موجودة في بداية الحضارة الإسلامية في عهد النبي (ﷺ)، بسبب الإنشغال في نشر الدعوة الإسلامية وبساطة العمارة الإسلامية في أوائل القرن الأول الهجري، بعد الفتوحات الإسلامية الواسعة في عهد عمر بن الخطاب، واختلاط المسلمين بالمجتمعات المسيحية و الزرادشتية و المجتمعات الاخرى، وتعرف المسلمين على الحضارات العصر العظيمة، وتشمل هذه: الرومان المسيحيين، والفرس الزرادشتيين، والبوذيين و الهندوس في الهند و اقصى الشرق، كان لكل من هذه الحضارات تأثير على المسلمين، وخاصة في مجال الهندسة العمارية، عندما رأوكنائس الشام ذات الأبراج العالية حيث تعلق بها اجراس واستخدموها كوسيلة لتنبة و لجمع أتباعهم للصلاة و أداء عباداتهم او الاعلان عن موت احد افراد مجتمعهم، ومن هذا المنطلق نقل المسلمون الفكرة إلى حضارتهم وقاموا ببناء المئذنة كهيكل عماري هام في مساجدهم، ومنها ذهب المؤذن لتذكير المسلمين بوقت صلاة الجماعة.
**الكلمات المفتاحية:** المئذنة، المسجد، العمارة، الحضارة الإسلامية، الطابوق.


| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| DOI Link | http://doi.org/10.32410/huj-10454 |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٢/٨/٧ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٢/١٠/٤ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٣/٣/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | ikram.hussein@univsul.edu.iq |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢٣ إكرام شيروان حسين، پ.ی.د.زريان سالار حمەعارف، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

**Abstract:**

Islamic minaret is considered one of the most important and prominent architectural structures in mosques, and it did not exist at the beginning of Islamic civilization during the era of the Prophet (peace be upon him) because of the preoccupation with spreading the Islamic call/Da'wa and the simplicity of Islamic architecture in the early first century H., after the extensive Islamic conquests in the reign of Omar Ibn Al-Khattab. When the Muslims met the Christian and Zoroastrian and other societies, they were getting acquainted with the great civilizations of this period, including the Christian Romans, the Zoroastrian Persians, the Buddhists, and the Hindus in India and the Far East. Each of these civilizations had an impact on Muslims, especially in the field of architecture. When the Muslims saw the churches of the Levant with high towers, where bells were hung, they used it as a means to call and gather their followers to pray and perform their worship or announce the death of a member of their community. Also, the Muslims built minarets inside or beside the mosques to call the Muslims and remind them of the time of prayers.

**Keywords:** Minaret, Mosque, Architectural, Islamic civilization, Brick

## پێشەکی:

منارە بریتە لە بورجێك یاخود قولەیەکی بەرز، یەکێکە لە ڕەگەزە گرنگەکانی بیناسازی ئایینی لە بیناسازی ئیسلامدا، دوای بنیاتنانی مزگەوتەکان بیناکراون، پێکهاتەی منارە بەشێوەیەکی گشتی بریتین لە: (بنکە وبناغە،بەدەن لاشە، دەرگا، بالکۆن، گومەز قادرمەو، هەواکێش پەنجەرە ونەخش و زەخرەفەی جوانکاری ...)، هەڵکەوتەی جوگرافیا و کەرەستەی بیناسازی و پێشکەوتنی هونەری بیناسازی ... کاریگەریان هەبووە لەسەر شێوازی دروستکردنیان بە گوێرەی سەردەمەکان و ناوچەکان، کەرپووچ(خشتی سورەوە کراو) یان بەرد پاڵپشت بە گەچ یان قسڵ بەکارهاتوون لەبیناکردنیان،هەروەها ڕووپۆشکردنیان بە گیراوەی شوشەی ڕەنگاو ڕەنگ بەشێوەی سیرامیک، لە سەرەتادا تەنها مەبەست لە دروست کردنیان بریتی بووە لە ئاگادارکردنەوەی موسڵمانان و پابەندبوون بەکاتەکانی نوێژکردنی بە کۆمەڵ لەمزگەوتدا، بەڵام بەپێی تێپەڕبوونی کات وفراوان بوونی شارە ئیسلامیەکان و پێشکەوتنی بواری بیناسازی لە شارستانیەتی ئیسلامی دا تەنها لەو چوارچێوەیەدا نەمایەوە، بوون بە ڕەمز و سومبولی شاری موسڵمانان، هەندێك گەورە شاری مێژووی وەکو قاهیرە کە بە شاری منارەکان ناسراوە، وەک دیمشق لەسوریا و شاری سوسە لە وڵاتی تونس، بەهۆی زۆری و جۆراوجۆری شێوازی منارەکان تیایاندا.

مەبەست لەم توێژینەوەیە خستنەڕووی ڕۆڵ و بایەخی بنیاتنانی منارەیە وەکو پێکهاتەیەکی سەرەکی و گرنگ و دیار لە مزگەوتەکاندا، هاوشان بەدیارخستن و گەڕان بە دوای ئەو پرسیارەی کە: ئایا بۆچی منارە لە شارستانیەتی ئیسلامی دا لە دوای بنیاتنانیانەوە سەردەم لەدوای سەردەم ڕۆڵ و بایەخیان زیاتر بوو، لە ئەرك و وەزیفەیەکەوە کە پێکهاتەیەکی بیناسازی ئاسایی مزگەوتەکان بوون و تەنها بۆ ئەوە بەکاربهێنرێن بانگیان لەسەر بدرێت هەنگاو بنێن بەرەو ئەوەی ببنە ڕەمز و ناسنامەو سومبولی ناوچەکان و بە شێوەیەکی وردی ئەندازەیی بنیاتبنرێن؟.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە تەنها باسی منارە نەکراوە وەکو پێکهاتەیەکی بیناسازی مزگەوت لە شارستانیەتی ئیسلامی دا، بەڵکو باس لە فیکرەی سەرهەڵدانیان، مێژووی بنیاتنانیان، ئامانج چیە لە بنیاتنانیان، گرنگی و بایەخیان، ڕۆڵ و کاریگەریان، و باسکردنی ئەو دەستەواژە جیاوازانەی بەپێی هەڵکەوتەی ناوچەی پێی وتراوە .

توێژینەوەکە پێکهاتووە لە: پوختە، پێشەکی، شەش تەوەرە: تەوەرەی یەکەم (سەرەتای دەرکەوتنی منارە)، تەوەرەی دووەم (بۆچوونەکان دەربارەی یەکەم منارە لە شارستانیەتی ئیسلامی دا)، تەوەرەی سێیەم (گرنگی و بایەخی بنیاتنانی منارەکان لە بیناسازی مزگەوتەکاندا)، تەوەرەی چوارەم (گرنگترین ئەو زاراوانەی بەکارهاتوون بۆ منارەکان لە شارستانیەتی ئیسلامی دا)، تەوەرەی پێنجەم (شێوازە (الطراز) جۆر بە جۆرەکانی منارە لە شارستانیەتی ئیسلامی دا)، تەوەرەی شەشەم (گرنگترین پێکهاتە بیناسازییەکانی منارەکان)، لەگەڵ دەرئەنجام و لیستی سەرچاوەکان.

## تەوەرەی یەکەم / سەرەتای دەرکەوتنی منارە:

پاش ئەوەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) هاوەڵانی بەڕێزی لە مەککەوە کۆچیان کرد بۆ شاری مەدینە، و پاش دروستکردنی مزگەوت و برایەتی نێوان کۆچکەران و پشتیوانان (أنصار والمهاجرین) و فەرزبوونی نوێژ و زەکات و ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان، بیر لەوە کرایەوە کە چۆن موسڵمانان بانگبکرێن و کۆبکرێنەوە لە مزگەوتدا بۆ ئەنجامدانی نوێژە بە کۆمەڵەکان، بۆ ئەم مەبەستە هەندێك لە هاوەڵانی بەڕێز پێیان باش بوو هاوشێوەی یەهوودییەکان (بوق) بەکاربهێنن بۆ کۆکردنەوەی موسڵمانان، هەندێکی تریان پێیان باش بوو هاوشێوەی مەسیحییەکان ئامێری (ناقوس) جەرەس (زەنگ)بەکاربهێنن (إبن هشام، ١٩٩٥، ص ١٣٥)، چونکە پێش هاتنی ئاینی ئیسلام یەهودیی و مەسیحییەکان بورجی کەنیسەکانیان بەکاردەهێنا بۆ ئاگادارکردنەوە (البرادوستي، ٢٠٢٢، ص ٤٣)،شوێنەوارناس و مێژوونووسان بۆچونیان وایە بورجی کەنیسە و پەرستگاکان هۆکاری سەرهەڵدانی فیکرەی منارە بوون لە شارستانیەتی ئیسلامی دا (محمود، ٢٠١٣، ص ٤).

ئیبن هیشام لە کتێبە تایبەتەکەیدا دەربارەی ژیاننامەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) باس لەوە دەکات: کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) هاوەڵانی لەم گفتوگۆیەدا بوون هاوەڵی بەڕێز (عەبدوڵڵای کوڕی زەیدی کوڕی سەعلەبە) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەکرێت من پێشنیارێک بکەم لەسەر ئەو بابەتە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: بەڵێ فەرموو، وتی: لە خەومدا کەسێك هاتە لام و فێری کردم بڵێم: (ألله أكبر، ألله أكبر، ألله أكبر  ألله أكبر، أشهد أن لا اله إلا الله، أشهد أن لا اله إلا الله، أشهد أن محمدا رسول الله، أشهد أن محمدا رسول الله، حی علی الصلاة، حی علی الصلاة، حی علی الفلاح، حی علی الفلاح، ألله أكبر، ألله أكبر، لا اله الا الله)، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (إنها لرؤيا حق إن شاء الله، فقم مع بلال فألقها عليه فليؤذن بها فإنه أندى صوتاً منك)، واتە: بە ڕاستی ئەمە خەوێکی ڕاستە بە ویستی خوای گەورە، ئادەی


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

بیلال هەستە و بە دەنگە بەرز و زوڵاڵەکەت بانگمان بۆ بدە)، پاش ئەوەی بیلال دەستی کرد بە بانگدان، (عومەری کوڕی خەتاب) لە ماڵی خۆی گوێی لێبوو و هاتە دەرەوە و چووە خزمەتی پێغەمبەری خوا و (ﷺ) فەرمووی: (والذي بعثك بالحق لقد رأيت مثل الذي رأى) واتە: سوێند بەو زاتەی تۆی ناردووە بە حەق منیش بە ڕاستی هەموو ئەوەم بینی کە بینراوە)، مەبەستی ئەو خەوە بووە کە (عەبدوڵلای کوڕی زەید) بینیوەتی و لە خەویدا فێری بانگ کراوە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: سوپاس بۆ خوای گەورە (إبن هشام، ١٩٩٥، ص ١٣٦).
هەندێك لە مێژوونووسان پێیان وایە شێوازی بیناسازی مزگەوت لەژێر کاریگەری کەنیسەو پەرستگاکانی مەسیحییەکاندا دروست کراون ، یاخود کاریگەری پەرستگای ساسانی (معبدالنار) دروستکراون، ڕۆژهەڵاتناسەکانیش بۆچوونیان وایە مزگەوتی ئومەوییەکان لە دیمەشق کە بنەڕتدا کەنیسەبووە بەناوی (قديس يوحنا) لەبەشی باکوری ئەم کەنیسەیە دا بورجێکی چوارگۆشەیی هەبووە، دوای گۆڕینی بۆ مزگەوت کاری گەری هونەری بیناسازی مەسیحی لەسەر مزگەوتوو منارە کە بۆیەکەم جار بیرۆکەی منارەلەسەردەمی ئومەیەکان سەری هەڵدا لەمزگەوتدا، ئەم ڕەگەزە بیناسازیە بە گوێرە پێشکەوتنی سەردەمەکان گۆڕانی بەسەردا هاتووە تاوای لێهات مۆرکی بیناسازی ئیسلامی وەر بگرێت (طرشاوي، ٢٠٠٧، ص ١٠).
بەڵام کاتێك باس لە مزگەوتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە شاری مەدینە دەکەین یەکەم مزگەوت بوو بیناکرا، نازانرێت کاریگەری هونەری بیناسازی چ شارستانیەتێکی لەسەربووە، دروستکردنی ئەو مزگەوتە و سەرجەم مزگەوتە سەرەتاییەکانی شارستانیەتی ئیسلامی، بە مزگەوتەکانی (کوفە و بەصرە)شەوە (طرشاوي، ٢٠٠٧، ص ١٢). بۆچوون وایە: بیناسازی مزگەوتەکان داهێنانی موسڵمانان خۆیانە، لە سەرەتادا زۆر بە سادەیی دروستدەکران، بەڵام پاشان بە پێی تێپەڕبوونی زەمەن و پێشکەوتنی هونەری بیناسازی ئەویش پێشکەوتنی بە خۆوە بینی و لەسەر جۆرەها شێواز بینادەکران و چەندەها داهێنانی هونەری بیناسازی تێدا ڕووی داوە کە وەرگیرابوون لە شارستانیەتەکانی پێش خۆی مۆرکی تایبەتیان پێ بەخشرا کە هاوتا بێت لەگەڵ ڕێنماییەکانی شەریعەتی ئیسلامی (طرشاوي، ٢٠٠٧، ص ١٣). سەبارەت بە منارەکانیش کە شێواز و تایبەتمەندییەکی جیاوازیان بەخشییە مزگەوتەکان و بوونە ڕەگەزێکی گرنگ لە بیناسازی ئایینی لە شارستانیەتی ئیسلامی دا ، لەسەرەتای بانگەوازدا و پاش کۆچ یەکەم هەنگاوی شارستانی کە نرا بریتی بوو لە دروستکردنی مزگەوت، پێغەمبەری خوا (ﷺ) داوای لە هاوەڵی بەڕێز بیلالی کوڕی ڕەباح (بیلالی حەبەشی) کرد کە هەستێت و بە دەنگە بەرز و زوڵاڵەکەی بانگ بدات (إبن هشام، ١٩٩٥، ص ١٣٥-١٣٦)، لە سەرەتای ئیسلامەوە تاوەکو وەفاتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بانگبێژەکان دەچوونە سەر بانی مزگەوت یان شوێنێکی بەرزی نزیکی مزگەوت بۆ بانگدان (النعيمي، ١٩٨٨، ص ٢٨٥)، بۆچوونێکیش ئاماژە بەوە دەکات شوێنێکی بەرز هەبووە لە ماڵی (حەفصەی کچی عومەری کوڕی خەتاب) کە ڕوانیوەیتی بەسەر مزگەوتەکەدا (واتە لە بینای مزگەوتەکە بەرزتر بووە) یاخود شوێنێ بەرز دیاری بکەن وەك سەربانی مزگەوت یان سەربانی ماڵەکانی دەوروبەری کە بەرزتر بوون لە مزگەوتی مەدینە، باس لەوە کراوە کە سەرەتا سەقفی مزگەوتی مەدینە لە حەسیری دارخورما دروستکرابوو، (رزق، ٢٠٠٠، ص ٣٠٧).
مێژوونووس (مەقریزی) کە لە سەدەکانی (٨-٩ ك) ژیاوە، پێی وایە بیلال لەسەر بانی مزگەوتەکە بانگی داوە، چونکە لەو کات و ساتەدا هیچ شێوازێکی بیناسازی منارە بوونی نەبووە، وە پێی وایە یەکەم شێوازی بیناسازی منارە لە سەردەمی خەلافەتی ئومەوییەکان و بە دیاریکراوی لە سەردەمی فەرمانڕەوایی موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان دا (٤١ - ٦٠ ك) منارە دروستکراوە، ئەویش پاش ئەوەی فەرمانی کردووە بە عەمری کوڕی عاص والی مصر چوار منارە لە هەر چوار زاویەی مزگەوتی فسطاط (مزگەوتی عەمری کوڕی عاص) دروست بکات، بۆ ئەوەی بانگبێژەکان بانگیان لەسەر بدەن (المقريزي، ١٩٩٧، ص ٨٣١).
گەریدەی موسڵمان ئیبن بەتوتە (م: ١٣٦٩ز) دەڵێت: پاش ئەوەی ئومەوییەکان ناوەندی خەلافەتیان گواستەوە بۆ دیمەشق، خەلیفەکانیان دەستیان کرد بە بنیاتنانی مزگەوتی گەورە و فراوان و شکۆدار کە کەمتر نەبێت لە پەرستگا و کڵێساکانی مەسیحییەکان، و دەیانڕازاندنەوە بە منارەی بەرز و هەیوانی گەورە و پایەی بەرز و میحرابی فراوان و نەخش و زەخرەفەی ئیسلامی (إبن بطوطة، ١٣٧٠، ص ١٢٤). وەک مزگەوتی گەورەی ئومەوی لە شام.
بۆچوونێك پێی وایە دروستکردنی منارە پێش سەردەمی ئومەوییەکان باو نەبووە، فیکرەی دروستکردن و شێوازەکەشی پەیوەندی بە بورجی پەرستگاکانی شامەوە هەبوو (علام، ١٣٨٢، ص ٢٤). بۆچون وایە کارزان و بیناسازەکانی سەردەمی ئومەوی سودیان وەرگرتوە لە بیرۆکەی بورجی کلێساکانی شام دروستیان کردوونەتەوە وە بەکاریانهێناون بە گۆڕانکارییەوە ،کە گونجاو بووە لەگەڵ بیناسازی ئیسلامی.

## تەوەرەی دووەم/

### بۆچوونەکان دەربارەی سەرهەڵدانی یەکەم منارە لە بیناسازی ئایینی لە ئیسلامدا و شێوەی منارە سەرەتاییەکان:

سەبارەت بە بنەچە و مێژووی منارە و چۆنیەتی بەرەو پێشچوونی چەند بۆچوونێکی جیاواز هەن لە نێوان مێژوونووسان دا لەوانە: (مەقریزی و ئیدریسی و طبری و ... تاد) هاوڕان لەسەر ئەوەی کە لە سەرەتای ئاینی پیرۆزی ئیسلام و سەردەمی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) هیچ شێوازێکی بیناسازی لە مزگەوتدا بە ناوی منارە بوونی نەبووە، بانگبێژەکانیش بۆ بانگدان چوونەتە شوێنێکی بەرز لە نزیك مزگەوت یاخود سەربانی مزگەوتەکە و بانگیان فەرمووە، پاش ئازادکردنی شاری مەککەش لە ساڵی (٨ ك) بانگبێژەکان دەچوونە سەر کەعبەی پیرۆز و بانگیان دەفەرموو، چونکە مزگەوتەکان لەوکاتەدا شوێنێکی تایبەتیان نەبووە بۆ بانگدان (golvin, 1960, p 52) (رزق، ٢٠٠٠، ص ٣٠٧).

هەندێك لە مێژوونووسان ئاماژە بەوە دەكەن منارەی مزگەوتی عومەری كوڕی خەتاب لە ناوچەی (دومة الجندل) لە باكوری وڵاتی سعودیە یەكەم منارەی مزگەوتە بنیاتنرابێت لە شارستانیەتی ئیسلامی دا، ئەویش پاش ئەوەی عومەر لەو ناوچەوە لە ساڵی (١٦ك) بەرەو (بیت المقدس) تێدەپەڕێت فەرمان دەكات مزگەوتێك دروست بكرێت بۆ خوداپەرستی دانیشتوانی ئەو ناوچەیە، پاش دروستكردنی مزگەوتەكەش منارەیەكی بۆ دروست دەكرێت بۆ ئەوەی بانگی لەسەر بدرێت، هەرچەندە نزیكەی (١٤) سەدە بەسەر دروستكردنی ئەم منارەیەدا تێپەڕیوە، بەڵام تاوەكو ئێستەش پارێزگاری لە پێكهاتە بیناسازییەكانی كراوە و ماوەتەوە (طرشاوي، ٢٠٠٧، ص ١٤)، (بڕوانە وێنەی ژمارە ١).

شوێنی ئەم منارەیە دەكەوێتە گۆشەی باشوری ڕۆژئاوای مزگەوتەكە لە دیواری ڕووگە (قیبلە)، بنكەكەی چوارگۆشەییە و درێژی هەر لایەكی (٣ م)ە، شێوەی قوچەكییە (المخروطية) (واتە لە خوارەوە تاوەكو بەرەوە سەرەوە بڕۆیت بەدەنەكەی بچوكتر دەبێتەوە)، لە بەشی ناوەوەیدا پلیكانەیەكی لولپێچی بە ئاراستەی پێچەوانەی میلی كاتژمێر دروستكراوە ، بەرزییەكەی (١٢,٧ سم) و لە بەردی ناوچەكە مزگەوت و منارەكەش دروستكراون (المعيقل، ١٩٩٤، ص ٢٠٤)، دواتر لە سەردەمی ئومەوییەكاندا بیناسازی منارەكان بە تەواوی دەركەوتن وپەرەیان پێدرا،هەرچەندە زۆرێك لە مێژوونووسان و شارەزایان پێیان وایە مێژووی دروستكردنی یەكەم منارەی مزگەوت لە شارستانیەتی ئیسلامی دا دەگەڕێتەوە بۆ ئەم سەردەمە، بەڵام سەبارەت بە یەكەمین منارە لە كوێ بووە و لە چ ساڵێكدا دوستكراوە ڕا جیایی زۆر هەیە لە نێوان توێژەراندا.

**وێنەی ژمارە (١)**

**منارەی مزگەوتی عومەر**



البلاذري (م: ٢٧٩ك / ٩٨٢ز) لە كتێبەكەیدا (فتوح البلدان) دەڵێت: یەكەم منارە كە دروستكراوە لە شارستانیەتی ئیسلامی دا بریتی بووە لە منارەی مزگەوتی بەصرە (الجامع البصرة)، لە ساڵی (٤٥ك/٦٦٥ز) دروستكراوە لەلایەن والی شارەكەوە زیادی كوڕی ئەبیە بە فەرمانی خەلیفە موعاویەی كوڕی ئەبو سوفیان (البلاذري، ١٩٥٧، ص ٣٥٥-٣٥٦).

ئەمە بۆچوونی زۆرێك لە مێژوونووسانە كە پێیان وایە منارەی مزگەوتی بەصرە یەكەم منارەیە دروست كرابێت لە شارستانیەتی ئیسلامی و تەنانەت جەزیرەی عەرەبیدا، شاری بەصرە و مزگەوتەكەشی لە سەردەمی خەلافەتی عومەری كوڕی خەتاب دا دروستكراوە، بەڵام لە ساڵی (٤٥ ك/٦٦٥ز) پاش ئەوەی مزگەوتەكە نۆژەندەكرێتەوە ئەم منارەیەی لە كەرپوچ و قسڵ (الآجر والجص) بۆ دروست دەكرێت (الخصاونة، ٢٠٠١، ص ٥٨).

هەندێك لە ڕۆژهەڵاتناسانیش پێیان وایە چوار منارەكەی مزگەوتی (عەمری كوڕی عاص) لە شاری فسطاط یەكەمین منارەی بنیاتنراون لە شارستانیەتی ئیسلامی دا، لە ساڵی (٥٣ ك/ ٦٧٢ ز) بە فەرمانی (موعاویەی كوڕی ئەبو سوفیان) داوای لە والی شاری فسطاط (مسلمەی كوڕی مخلد) كرد بەدروستكردنی (طرشاوي، ٢٠٠٧، ص ١٤).

(بلحاج طرشاوی) ئاماژە بەوە دەكات لەناو لێكۆڵەران و مێژوونووسان دا ڕای تر هەیە كە پێیان وایە دەركەوتنی یەكەم منارە لە شارستانیەتی ئیسلامی دا دەگەڕێتەوە بۆ چوار منارەكەی مزگەوتی ئومەوی لە دیمەشق، ئەم منارانە پێشتر بورجی كەنیسەكە بوون و پاش ئازادكردنی شارەكە كەنیسەی بەناوبانگی شارەكەش كراوەتە مزگەوت و بورجەكانیشی وەكو منارە بەكارهاتوون، تەنانەت پێیان وایە ئەم شێوازە لە بیناسازی منارە گوازراوەتەوە بۆ ناوچەكانی باكوری ئەفریقا و وڵاتانی دیكەی ئیسلامی و چاویان لێكراوە، زۆربەی ڕۆژهەڵاتناسان هاوڕان لەگەڵ ئەم بۆچوونەن (السراج، ٢٠١٢، ص ٢٦)، (حجازي حسن علي طراوة) پێی وایە: بە هیچ جۆرێك نە لە مزگەوتی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) وە لە نە لە شوێنی تر باسی منارە نەكراوە تاوەكو لە ساڵی (٨٨ ك / ٧٠٦ ز) بە فەرمانی خەلیفەی ئومەوی (وەلیدی كوڕی عەبدولمەلیك) ( ٨٦ - ٩٦ ك/٧٠٥ - ٧١٥ ز) بورجەكانی كەنیسەكە كراونەتە منارە و بوونەتە یەكەمین شێوازی منارە لە سەردەمی ئیسلامدا، پاش ئەم منارانە لە ساڵی (٩١ ك/ ٧١٠ز) لە سەردەمی (وەلیدی كوڕی عەبدولمەلیك)دا كاتێك (عومەری كوڕی عەبدولعەزیز) والی شاری

مەدینە بوو، هەڵدەستێت بە نۆژەنکردنەوەی مزگەوتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و بۆ یەکەمجار چەند منارەیەکی بۆ دروست دەکات، واتە تاوەکو کۆتایی سەدەی یەکی کۆچی ئەم مزگەوتە هیچ منارەیەکی نەبووە (طراوة، ٢٠٠٨، ص ٢١٤-٢١٥).

نوسەر (جنیفەر سکێرس - Jennifer M. Scarce) لە کتێبەکەیدا (کولتووری شارنشینی لە شارەکانی رۆژهەڵات) ئاماژە بەوە دەکات: عومەری کوڕی عەبدولعەزیز چوار منارەی لە هەر چوار لای مزگەوتەکەدا دروست کردووە، بەڵام لەبەرئەوەی یەکێك لە منارەکان بەسەر ماڵی (مەروانی کوڕی حەکەم)دا دەڕوانی فەرمانی دەرکرد بە رووخاندنی بۆ ئەوەی حەیاو حورمەتی ماڵی مەروان پارێزراوبێت، لە بیناسازی ئیسلامیدا گرنگی زۆر دراوە بە پارێزگاریکردن لە حەرەمی خێزانی و نەبەزاندنی سنوری دراوسێیەتی، ئەمەش ڕەنگی داوەتەوە لە هونەری بیناسازی ئیسلامدا و ڕەچاوی ئەو بابەتە بە تەواوی کراوە، بۆ نمونە پەنجەرە و دیواری حەوشەکانیان بڵند بووە، و نەیان هێشتووە دوکان و بازاڕەکان لەنێو ماڵەکاندا دروستبکرێن (سکێرس، ٢٠١٢، ل ٢٢).

لە سەردەمی فەرمانڕەوا (وەلیدی کوڕی عەبدولمەلیك)دا لە ساڵی (٩٦ ك/٧١٥ ز) والی فەلەستین (سلێمانی کوڕی عەبدولمەلیك)ی برای لە شاری (ڕەملە) منارەیەك دروست دەکات بۆ مزگەوتی ئەو شارە (الخصاونة، ٢٠٠١، ص ٥٨) (البرادوستي، ٢٠٢٢، ص ٤٧)، ئەم منارانەی باسمان کردن سەرجەمیان دەگەڕێنەوە بۆ سەدەی یەکی کۆچی، کەواتە زۆربەی سەرچاوەکان ئەوە دووپاتدەکەنەوە کە بنیاتنانی یەکەمین منارە لە شارستانیەتی ئیسلامی دا مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی خەلافەتی ئومەوی (٤١-١٣٢ ك/٦٦٢-٧٥٠ ز) (ئومەوی ئەندەلوس (١٣٨-٨٩٧ ك/ ٧٥٦-١٤٩٢ ز). منارەکانی سەردەمی ئومەوی شێوە چوارگۆشەیی بوون، هاوشێوەی بورجی کەنیسە و پەرستگاکان، تاوەکو ئێستەش لە مەغریب و ئەندەلوس ئەم شێوازە ماوەتەوە، لەوانە: منارەکانی مزگەوتی قەیرەوان لە تونس و مزگەوتی قورتوبە و ئیشبیلیە لە ئەندەلوس، (بڕوانە وێنەکانی ژمارە ٢).

ئەمەش لە بنەڕەتدا لە شێوازی بورجی کەنیسەکانەوە وەرگیراون، یاخود هەمان ئەو بورجانە بوون کە پاش ئازادکردنی ناوچەکان کەنیسەکان کراونەتە مزگەوت و بورجەکانیشیان بە هەندێك گۆڕانکارییەوە کراونەتە منارە، کۆنترین منارەی ئەو سەردەمەکە تا ئێستا مابێتەوە بریتییە لە منارەی مزگەوتی گەورەی قەیرەوان (جامع عقبە بن نافع)، مێژووی دروستکردنی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی فەرمان ڕەوا هیشامی کوڕی عەبدول مەلیك (١٠٥ ك) (عمید، ١٩٨٩، ص ١١٠) (الحافظ، ٢٠٠٥، ص ٩١).

**وێنەکانی ژمارە (٢)**

**منارەکانی مزگەوتی (قەیرەوان لە تونس - قورتوبە و ئیشبیلیە لە ئەندەلوس)**



ئەم شێوازە لە بیناسازی منارەك لە سەردەمی ئومەوی بەردەوام نەبوو، بەڵکو دوای وەرگرتنی جڵەوی دەسەڵات لەلایەن عەباسییەکانەوە لە ساڵی (١٣٢ ك/ ٧٥٠ ز)، گۆرانکاری بیناسازی سەری هەڵدا و شێوازی منارەی لولپێچی (الحلزونية) وەکو منارەی (الملوية) لە سامەڕا و منارەی مزگەوتی (ئەحمەدی کوڕی تۆلۆن) لە مصر کە یەکێکە لە کۆنترین منارەکان لە شارستانیەتی ئیسلامی دا و لەژێر کاریگەری منارەی ملویەدا دروستکراوە پەیدا بوون (مصطفى، ٢٠١٢، ص ٢٣). هەرچەندە مێژوونووسان پێیان وایە ئەم شێوازە لە منارەی لولپێچی لەژێر کاریگەری فارسەکان و لەوانەوە وەرگیراوە، جگە لەوە لە وڵاتێکی وەکو مصر جۆرەها شێواز لە منارە بنیاتنراون و شێوەیەکی جێگیر بوونی نەبووە، لولەیی و لولپێچی و چوارلایی و هەشت لایی دروستکراون (طرشاوي، ٢٠٠٧، ١٠)، (بڕوانە وێنەکانی ژمارە ٣).

**وێنەکانی ژمارە (٣)**
**منارەکانی (الملوية) لە سامەڕا و مزگەوتی (ئەحمەدی کوڕی تۆلۆن) لە مصر**





کاتێك خەلیفەی دەیەمی عەباسی (المتوکل علی الله) (٢٣٢-٢٤٧ك/٨٤٧-٨٦١ز) مزگەوتە فراوانەکەی لە سامەڕا دروست کرد لە نێوان سالانی (٢٣٤ - ٢٣٧ ك/ ٨٤٨ -٨٥٢ز) منارەیەکیشی لە دەرەوەی مزگەوتەکە بە دووری (٢٧ م) لەبەشی باشوری مزگەوتەکە بیناکرد، بەرزیەکەی (٥٠ م)، شێوەی هەرەمییە (المخروطية) و پلیکانەی پێچاوپێچە بەدەوردا دەسوڕێتەوە بە ئاراستەی پێچەوانەی میلی کاتژمێر، شێوازێکی تایبەتی هەیە و جیاوازە لە منارەکانی تری شارستانیەتی ئیسلامی، لە کەرپوچ دروستکراوە و بە هۆکاری بەهێزی و پتەوی تاوەکو ئێستە ماوەتەوە، چیرۆکی (الملوية) لە سامەڕا کۆتایی نایەت، بەڵکو (ئەحمەدی کوڕی تۆلۆن) والی عەباسی لە فسطاط لە مصر، مزگەوتێکی دروست کرد لە نێوان سالانی (٢٦٣ - ٢٦٥ ك/ ٨٧٦ - ٨٧٩ ز)، توانی شێوازی بیناسازی منارەی ملویە بگوازێتەوە بۆ ئەو شارە و لە مزگەوتەکەیدا هاوشێوەی دووبارە بکاتەوە، بەڵام لە گەورەیی و بەرزیدا ناگاتە ملویەی سامەڕا (الباشا، ١٩٩٩، ص ٢٢٨). بەرەو پێشچوون لە زەخرەفە و شێوازی بنیاتنانی منارەکاندا بەردەوامی هەبوو، چەندین شێوەی لولەیی کۆتایی هاتوو بە شێوە قەڵەمی دروستکران لە ناوچەکانی ئێران و تورکیا (طرشاوي، ٢٠٠٧، ص ١٤).

لە وڵاتی ئێران لەسەرەتادا منارەکان شێوە هەشت لایی بوون، پاشان شێوە لولەییش بڵاوبوویەوە لە سەدەی (١١ ز)دا، و بە زەخرەفەی ئەندازەیی و قاشانی دەڕازێندرانەوە لەسەر هەمان ئەو کەرپوچانەی کە منارەکانیان لێ دروست دەکرا، و لاکانی کۆتاییان دەهات بە زەخرەفەی موقەرنەصات.

لە سەدەی (١٥ ز) بیرۆکەی دوو منارەیی لە مەدخەلی مزگەوتەکاندا سەری هەڵدا لە وڵاتی ئێران وزۆربەی مزگەوتە گەورەکانی ئەو ناوچەیە دوو منارەیان بۆ دروستکرا، بەڵام منارەکان سادە و خاڵی بوون لە پێکهاتە بیناسازییەکانی وەك بەش بەش و پەنجەرە (طبقات و النوافذ) (عبدالأمير، ٢٠١٠، ص ٥٥١).

لە وڵاتی هیندستانیش لە سەرەتادا مزگەوتەکان بێ منارە بوون، یەکەم شێوەو شکڵی منارەش کە پەیدا بوو لەم وڵاتە بریتی بوو لە لولەیی بەرز و تەسك، و بە بالکۆن (الشرفات) دەرازێندرانەوە، پاشان لە سەدەی (٥ ز) بە دواوە منارەکان کەوتنە ژێر کاریگەری شێوازی ئێرانییەوە، یەکێك لە جوانترین منارەکان لە هندی کۆن بریتییە لە (قطب منار) لە مزگەوتی (قوة الإسلام) لە نزیك (دەهلی) پایتەخت، مێژووی دروستکردنی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی (١٣ز)، لە پاش منارەی (الجیرالدا) لە ئیشبیلیە درێژترین منارەیە لە مێژووی شارستانیەتی ئیسلامی دا (بڕوانە وێنەی ژمارە ٤).

**وێنەی ژمارە (٤)**
**منارەی مزگەوتی قوة الإسلام (قطب منار) لە هندستان**



لە ئاسیای ناوەڕاستیشدا بە هەمان شێوە منارەکان بە گشتی بریتی بوون لە شێوە لولەیی بەرز و کۆتایی هاتوو بە شێوە هەرەمی (المخروطیة) (عبدالأمیر، ٢٠١٠، ص ٥٥١) (خلف، ٢٠١٨، ص ٤٣٠).
لە سەردەمانی دواتردا شکڵ و شێوە و بیناسازی منارەکان گەشەی زیاتریان کرد، بۆ نمونە لە وڵاتی عێراق لە ڕووی هونەری و بیناسازییەوە نزیك بوون لە منارەکانی ئێران، بەتایبەت لە سەردەمی سلجوقییەکان دا (٤٤٧ - ٥٩٠ ك / ١٠٥٥ - ١١٩٤ ز) پاش ئەوەی ڕوویان کردە عێراق و لە ناوچەی موصڵ نیشتەجێ بوون (النمري، ١٩٩٧، ص ٧٥).

له سەردەمی ئەتابەکییەکانیشدا (٥٢١ - ٦١٩ ك/ ١١٢٧ - ١٢٢٢ز) منارەکان لە ڕووی بیناسازی و زەخرەفەوە زیاتر یەك شێوە و شێوازیان وەرگرت، لەوانە: منارەکانی (مظفرية، داقوق، شەنگال، حەدبا..تاد)، ئەم منارانە لە ڕووی شێوە و زەخرەفەوە لێکچوون، بنکەکانیان هەشت لایی و بەدەنەکەیان لولەییە، و لە ناوەوەش پلیکانەی لولپێچییان بۆ دروستکراوە (النمري، ١٩٩٧، ص ٧٥)، (بڕوانە وێنەکانی ژمارە ٥).

**وێنەکانی ژمارە (٥)**

**منارەکانی (شەنگال، حەدبا، مظفريە(چۆڵی)، داقوق)**



لە سەردەمی عوسمانییەکانیشدا، منارەکانی ئەم سەردەمە یەك شێوازیان وەرگرت ئەویش بریتی بوو لە شێوە لولەیی باریك و کۆتاییان دەهات بە شێوەی نوکی پێنوسێك، ئەمەش وەکو باسکراوە ئاماژەیە بۆ تاك و تەنهایی خوای گەورە.

لە ناوەڕاستی سەدەی (١٤ ز)ەوە شێوازی منارەکان لە شارستانیەتی ئیسلامی دا گۆڕانکاری بەرچاویان بەسەردا هات، شێوازی منارەی قاهیرەیی (تێکەڵاو) پەرەی سەند، هاوشان لەگەڵ زیادبوونی بنیاتنانی بیناسازی مزگەوتەکان ژمارەی منارەکانیش زیاد بوون. لەو سەردەمەدا کە چڕی دانیشتوانی شارەکان زیادی کرد فەرمانڕەوا مەملوکییەکان کێبڕکێیان دەکرد بۆ دروستکردنی مزگەوت و قوتابخانە و خانەقا کە

هەریەکەیان بە یەك یان چەند منارەیەك ڕازێندرابوونەوە، شێوازی فاتمی زاڵ بوو بەسەر منارەکانی ئەوسەردەمە کە ئەوانیش سودیان لە شێوازی جوان و ڕازاوەی مەغریبی وەرگرتبوو، بنکەکەیان چوارگۆشە و ڕازێندراوە بە نەخش و زەخرەفەی گوڵ و ئەندازەیی و موقەرنەصات ... تاد (صالح، وآخرون، ٢٠١٨، ص ٧١١-٧١٢). لە ساڵی (١٩٣٠ ز) نمونەیەکی دیکەی شێوازی منارە لە قاهیرە دەرکەوت، کە لە بەرد دروستکرابوون، لەوانە منارەی (باب زویلة)، کە یەکێکن لەو چەند منارانەی لە قاهیرەدا بەناوبانگن، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٦).

**وێنەی ژمارە (٦) منارەکانی (باب زویلة) لە قاهرە**



بیناسازە مەملوکییەکان تەنها گرنگیان بە نەخش و کەرەستەی بەکارهاتوو نەدەدا لە دروستکردنی منارەکاندا، بەڵکو هەوڵی ئەوەیاندەدا کە تەرزی بیناسازی منارەیان هەبێت تایبەت بەسەردەمی خۆیان جیاواز لەوانەی پێش خۆیان، گرنگییەکی زۆریان دەدا بە دیزاین و ڕازاندنەوەی ڕووی منارەکان،

لە ڕازاندنەوەدا سیستەمی ڕەنگی یەك لە دوای یەکیان بەکاردەهێنا، بۆ نمونە بەردێکی ڕەش و دانەیەکی سور ... تاد، ئەم شێوازە جوانکارییە لە سەردەمی مەمالیکەکان و پاش ئەوانیش لە میصر و شام بەکارهێنراوە پێی دەوترا (سنج معشقة)(صالح، وآخرون، ٢٠١٨، ص ٧١٢).

دروستکردنی منارە لە ئێران و ئەفغانستان و ئەنادۆڵ لە سەردەمی دەسەڵاتی سەلجوقی دا جۆرێك لە هاوشێوە بوون هەبوو لە دروستکردنیاندا، بەدەنی لولەیی یان شێوە لولپێچی زاڵ بوو بەسەر تەرزی ئەم منارانەدا.

عوسمانییەکان دوای هاتنە سەر تەختی دەسەڵات لە ئەنادۆڵ و پێشڕەویان بەرەو ڕۆژئاوا شێوازێکی نوێی تەرزی منارە پەیدا بوو بڵاوبوویەوە بە زۆربەی ئەو ناوچانەی کە لەژێر قەڵەم ڕەوی عوسمانیەکاندا بوو، تاوەکو ئێستاش ئەم شێوازە بوونی ماوە و بە شێوازی عوسمانی ناسراوە (صالح، وآخرون، ٢٠١٨، ص ٧١٢). ئەوەی جێی سەرنجە لێرەدا ئەوەیە کاتێك عوسمانییەکان شاری قوستەنتینیەیان فەتح کرد و چوونە ناوی لە ساڵی (٨٥٧ ك / ١٤٥٣ ز) یەکێك لە سەرەتاییترین کارەکانیان بریتی بوو لە زیادکردنی چوار منارە لە دەوری کەنیسەی (کاتدرائی) هاگیان سۆفیا تاوەکو سیمای کڵێسەی نەمێنێت.

منارەکانی ئەو سەردەمە بەوە دەناسرێنەوە کە باریك و درێژن و کۆتاییان هاتووە بە نوکێکی تیژ (المدبب) هاوشێوەی قەڵەم ڕەصاص، ئەمەش وەکو ئاماژەیەکە بۆ یەکبوون و وەحدانیەتی خودای گەورە، هەروەها زۆربەی مزگەوتەکانی ئەم سەردەمە زیاتر لە منارەیەکیان هەیە بە تایبەتی لە ئەنادۆڵ کە زۆربەی مزگەوتەکان لە هەر چوارلای دیوارەکانی مزگەوتەکە منارەیان هەبوو، وەك مزگەوتی (سلێمانیە) و (سوڵتان ئەحمەد) ناسراوە بە مزگەوتی شین، زۆربەی منارەکانی شێوازی عوسمانی لە چوار بەش پێك دێن، باڵکۆنی لولەیی بچوکیان هەیە و بەشێکیان لە بەشێکی دیکە جاکردووەتەوە و بە مقرنصات بەهێزکراون و ڕازێندراونەتەوە (صالح، وآخرون، ٢٠١٨، ص ٧١٢).

## تەوەرەی سێیەم/ گرنگی و بایەخی دروستکردنی منارە لە بیناسازی مزگەوتدا:

لە سەرەتای بیناسازی ئیسلامی دا مزگەوتەکان بێ منارە بوون، بەڵام دواتر بە هۆکاری گەشەکردنی بواری بیناسازی و تێکەڵبوونی موسڵمانان لەگەڵ نەتەوەکانی تر و ئاشنا بوون بە شێوازی بیناسازی نوێ، فیکرەی بنیاتنانی منارەش سەری هەڵدا لە مزگەوتەکاندا، بوونە ناسنامەی بیناسازی ئیسلامی، لەسەرەتادا لە شکڵ و شێوەدا زۆر سادە بوون، لە گۆشەیەک لە گۆشەکانی مزگەوت دروستدەکران تاوەکو بانگبێژەکان (المؤذنين) بچنە سەریان و بانگ بدەن، بەرزییەکەیان هۆکار بوو بۆ ئەوەی دەنگی بانگەکە بگاتە تەواوی دەوروبەری مزگەوت، هەروەها بوونە هێماو ڕەمزی ئاینی بە تایبەتی لە بیناسازی ئیسلامی دا، جگە لەوە هێمای ئاوەدانی و بۆ بانگەواز و دیاریکردنی مانگی ڕەمەزان سودیان لێوەردەگیرا، و دەتوانرێت وەکو بەڵگەیەکیش ئاماژەیان پێبکرێت بۆ پێکەوتنی بیناسازی ئیسلامی. بە تێپەڕبوونی کات لە ڕووی ئەندازەیی و شکڵ و شێوەوە پێشکەوتنیان بەخۆوە بینی و بەدەر لە ئەرکەکەی، بوونە هێما و ڕەمزی مزگەوتەکان، تەنانەت وای لێهات شارێکی وەکو قاهیرە زۆرترین شێوازی منارەی مزگەوتی تێدا بنیاتبنرێت و بە مۆزەخانەی منارەکان بناسرێت (عبدالأمير، ٢٠١٠، ص ٥٥٠). نوسەری ئەمریکی Jonathan Blum-(جوناثان بلوم) پێی وایە منارەکان هێماو ڕەمزی ئاینیی ئیسلامە، بەڵام ئەم هێمایە یەك فۆرم و یەك شێوەی نەبووە، بە درێژایی شارستانیەتی ئیسلامی و دابەشبونی جوگرافی خاکی موسڵمانان فۆرمی بیناسازی منارەکانیش هەمەجۆر بووە (أم بلوم، ١٣٩٣، ص ١٢٣).

بیناسازی بە گشتی کۆکراوەی دوانەی ناسراوی (ماددی و مەعنەوی)ین، بیناسازی ئیسلامیش لەسەر ئەو بنەمایەی کە بەسەرکەوتوویی توانیویەتی واقیعیەتی عەقڵیەتی ئیسلامی تێیدا بە وردی ڕەنگبداتەوە و ناسنامەیەك بە کۆمەڵێك تایبەتمەندییەوە بە خۆی جێگیر بکات، بیناسازی موسڵمان توانی داهێنەرانە ئەو بیناسازیە ئیسلامییەی هەڵبژاردووە بیباتە ناو دونیای جوانییەوە، چونکە جوانی سیفەتێکی ڕەها بووە لایان، هەر ئەمە وای کردووە بیناسازی موسڵمان لە هونەری ئیسلامیدا پێگەیەکی دیاری هەبووە(عبدالأمير، ٢٠١٠، ص ٥٥٢). بیناسازە موسڵمانەکان سەرکەوتنی بیناسازیان بەدەستهێنا پاش ئەوەی توانییان شوێنێکی تایبەت بۆ بانگبێژەکان لە مزگەوتەکاندا بنیاتبنێن و دەنگی بانگبێژەکان بەرز بکەنەوە بەسەر هەموو دەنگەکانی تر و زیندوویەك بدەن بە بیناسازییەکەیان (عبدالأمير، ٢٠١٠، ص ٥٥٢). منارە بیرۆکەی فراوانکردنی مەودای ئەو دەنگە ڕۆحییە بووە کە بۆ بانگ کردنی موسڵمانان بەکاردەهات بۆ ئەنجامدانی فەریزەیەکی خودایی کە نوێژە، ناوەڕۆکی بیرۆکەکە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە بانگبێژ لە زەوییەوە بەرزتر بێت تاوەکو دەنگی زیاتر بڕوات و بواری بیستنەکەی فراوانتر بێت و زیاتر بڵاوبێتەوە، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ فەرمایشتی خوای گەورە: (فِي بُيُوتٍ أَذِنَ اللَّهُ أَن تُرْفَعَ وَيُذْكَرَ فِيهَا اسْمُهُ يُسَبِّحُ لَهُ فِيهَا بِالْغُدُوِّ وَالْآصَالِ)(سورة النور، الاية: ٣٦)، واتە: (ئەو نورەش دەستدەکەوێت لەچەند ماڵێکدا (کەمزگەوتەکانن)، خوا فەرمانیداوە دروستبکرێن و بەرزبکرێنەوە و ناوی پیرۆزی ئەویان تیادا ببرێت لە بەیانیان و ئێوارناندا) (أمين، ٢٠١٦، ل ٧٠٨).

## تەوەرەی چوارەم/ گرنگترین زاراوە و ئەو شوێنانەی بانگیان لەسەر دراوە لە سەرەتای ئیسلام دا:

لە شارستانیەتی ئیسلامیدا بە پێی هەڵکەوتەی جوگرافی خاکی موسڵمانان کۆمەڵێك زاراوەی مێژوویی و شوێنەواری بەکارهاتوون بۆناوی منارە، لە دیارترینیان: (المنارة، المئذنة، الصومعة، الأسطوان، الزوراء، المطمار، العساس ...) (عميد، ١٩٨٩، ص ١١٠)، لە ناوچەکانی مەغریبی عەرەبی و ئەندەلوس زاراوەی (الصومعة) بەکاردەهێنرێت، لە ئەنادۆڵ و ئێران و عێراق و هەرێمی کوردستانیش (المنارة) بەکاردەهێنرێت، لە جەزیرەی عەرەبیش زاراوەی (المئذنة) بەکاردێت، زاراوەکانی تریش لە سەدەی یەکەمی کۆچیدا لە جەزیرەی عەرەبیدا بەکارهاتوون (وزيري، ٢٠٠٤، ص ١٤٤)، لێرەدا هەوڵ دەدەین هەریەك لەم زاراوانەی ئاماژەمان پێکردن تیشك بخەینە سەریان و بیانناسێنین:

١/ الأسطوان: یەکەم بانگبێژی ئیسلام (بیلالی حەبەشی) سەرەتا لەسەر بانی ماڵی ئافرەتێك لە هۆزی نەجار بانگی دەدا، پاشان دەچووە شوێنێکی بەرزی شێوە لولەیی (الأسطواني) لەسەر بانی ماڵی دایکی ئیمانداران خاتوو حەفصەی کچی عومەری کوڕی خەتاب، هەروەها ڕیوایەت کراوە کە لەسەر بانی ماڵی عەبدوڵلای کوڕی عومەریش بە هەمان شێوە لەسەر شێوە لولەییەك لە بەشی ڕووگەی مزگەوتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بانگی فەرمووە (طراد، و الصقور، ٢٠١٦، ص ٣١٥).

٢/ الزوراء: لە سەردەمی ئەبوبەکری صدیق و عومەری کوڕی خەتاب دا گەشەیەکی کەمی کرد، بەڵام لە سەردەمی عوسمانی کوڕی عەفان دا شوێنێکی بەرز دیاریکرا بۆ بانگدان بەناوی (الزوراء)، الزوراء لە شوێنێك بوو نزیك بازاڕی شاری مەدینە، مەبەست لەمەش ئەوەبوو کە زۆرترین خەڵك بانگەکە ببیستن، گرنگی لەوەدابوو کە بۆ یەکەمجار شوێنێکی تایبەت بنیاتنرا بۆ بانگبێژەکان کە جیا بوو لە بینای مزگەوت و تایبەت بوو بە بانگدان (عزب، ٢٠١٢، ص ٢٦٧).

مێژوونووسی مەغریبی شێخ (عەبدولحەی کەتانی) لە کتێبەکەیدا (نظام الحكومة النبوية المسمى التراتيب الإدارية) دەڵێت: لە سەردەمی عوسمانی کوڕی عەفان دا لەبەرئەوەی خەڵك زۆر بوو بانگی سێیەمی لەسەر شوێنێکی بەرز زیاد کرد لە ڕۆژی هەینی کە وەکو وتراوە هێندەی منارە بەرز بووە (الكتاني، ٢٠١٤، ص ١٢٧).

٣/ المطمار: بریتی بوو لە سەکۆیەکی شێوە چوارگۆشەیی بەرزی پلەپلەدار، بە تایبەت بەکاردەهات بۆ بانگدان، نمونەیەکی لە وڵاتی ئوردن دۆزراوەتەوە کە لێکنرابوو بە بەشی باشوری مزگەوتی (قصر الحلابات)، مێژوونووسان پێیان وایە (المطمار) بەردەوام بووە تاوەکو سەرەتای دەسەڵاتی ئومەوی (Bisheh, G, 2000, p 70).

٤/ الصومعة: صومعە وەرگیراوە لە ناوی بورجی پەرستگای بت پەرستەکان، یان بورجی پاراستن و ئاگاداری لە قەڵای ڕۆمانییەکان، یاخود لە بورجی کەنیسەی مەسیحییەکان، مێژوونوسان و شارەزایان بە هەموویان وتووە (الصومعة)، دانیشتوانی مەغریبی عەرەبی لە جیاتی بەکارهێنانی منارە زاراوەی (الصومعة)یان بەکارهێناوە، تاوەکو ئێستاشی لەگەڵدا بێت ئەم زاراوەیە بەکاردەهێنن، بە واتایەکی تر زۆرترین بەکارهێنەری زمانەوانی هەیە لە باکووری کیشوەری ئەفریقا، لەوانەشە هۆکارەکەی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە تاوەکو ئێستا شێوەی منارەکانی ئەو ناوچانە لەسەر شێوەی بورجە کۆنەکانی پێش ئیسلامن، کە شێوەیان چوارگۆشەیی بەرز و گەورە و بەهێزن (السراج، ٢٠١٢، ص ٢٩) (خلف، ٢٠١٨، ص ٤٢٣-٤٢٤).

نوسەری کتێبی (المآذن المصریە، نظرة عامة عن أصلها وتطورها ...) ئاماژە بەوە دەکات پرۆفیسۆر (جاستۆن ڤیت) لە توێژینەوەیەکیدا لەسەر زاراوەی صومعە پێی وایە: "دەکرێت ئەم زاراوەیە بۆ جۆرێکی تایبەت لە منارە بەکارهاتبێت" (محمود، ٢٠١٣، ص ٣)، هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە زانای جوگرافیناسی ئەندەلوسی ئیبن جوبەیر (م: ٦١٤ ك) زاراوەی صومعەی بەکاریهێناوە بۆ وەسفکردنی پەیکەری (ئەبولهۆل) لە ناوچەی جیزەی وڵاتی مصر، هەروەها بەکاریهێناوە بۆ وەسفکردنی گومەزێك (قبة) لەبەرئەوەی بەرز بووە، هەروەها پێی وایە هۆکاری بەکارهێنانی وشەی صومعە بۆ منارەی مزگەوتەکان لەلایەن موسڵمانەکانەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە یەکەمین منارەکان بنیاتنراون لەم ناوچانە شێوەیان چوارگۆشەیی بووە لەسەر شێوە و شکڵی بورجەکانی پەرستگا و کەنیسەکانی شام، کە دواتر ئەم شێوە لە ناوچەی شامەوە گوازرایەوە بۆ مصر و مەغریبی عەرەبی و ئەندەلوس (محمود، ٢٠١٣، ص ٥).

(الصومعة) بە بەراورد لەگەڵ زاراوەکانی پێشووتر کە باسمان کردن بەربڵاوتر بەکارهێنراوە لە شارستانیەتی ئیسلامی دا، لە هەندێك نوسیندا ئاماژە بەوەکراوە صوامعەکان لە شکڵ و شێوە و قەبارەدا لە بورجەکان نزیکتر بوون، بەراورد بە منارەکان کە بچوکتر و نزمتر بوون (طراد، و الصقور، ٢٠١٦، ص ٣١٦).

لە زمانەوانیدا: لە کرداری (صمع)ەوە وەرگیراوە و لەسەر وەزنی (فوعلە)یە، وە لە بنچینەدا وشەیەکی سریانییە، وە (الصمع) بە واتای بەرزی هاتووە، پێش هاتنی ئائینی ئیسلام صومعە بینایەکی بەرزی تایبەت بووە بە ڕاهیبەکان، (شبوح، ١٩٩٩، ص ٧١١).

هەروەها خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا باسی سەومعەی کردووە دەفەرموێت: (وَلَولَا دَفعُ اللهِ النَاسَ بَعضَهُم بِبَعضٍ لَهُدِمَت صَوَامِعُ وَبِيَعٌ وَصَلَوَاتٌ وَمَسَاجِدُ يُذكَرُ فِيهَا اسمُ اللهِ كَثِيرا)(سورة الحج، الایە:٤٠). واتە: (خۆ ئەگەر خوا خەڵکی نەدا بە یەکداو حەق دژی بەتاڵ نەوەستێت، هەرچی شوێنی خواپەرستی جولەکەو مەسیحی هەیە لە خەڵوەتگەو کڵێساو کەنیسە، هەروەها مزگەوتەکانیش کە ناوی خوای زۆر تێدا دەبرێت هەمووی کاو دەکرێت) (أمين، ٢٠١٦، ل ٦٧٤).

ئیبن جوبەیر منارەکانی وەك صوامعەکان ناوزەند کردووە، لە وەسفی مزگەوتی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) لە شاری مەدینە دەڵێت: یەکەمجار منارەیەکی سپی بەرز بەرچاو کەوت لە مزگەوتەکەدا، بەڵام دواتر سێ صوامع دروستکران، یەکیان لە زاویەی ڕۆژهەڵات لکاو بە ڕووی قیبلە، و دوانەکەی تر لە دوو زاویەی تری مزگەوتەکە بوون (إبن جبير، ١٩٨٠، ص ١٤٤).

٥/ منارە (المنارة): لە بنەچەدا وشەیەکی عەرەبییە، پاشان لە زمانە جیاجیاکاندا بڵاوبووەتەوە و گەشەی کردووە، لەوانە: لە زمانی ئینگلیزی دا زاراوەی (minaret) و لە زمانی تورکی دا (minare) و لە زمانی ئیسپانی دا (minarete) و لە زمانی پورتوگالی دا (minareto) و لە زمانی ئیتالی دا وشەی (minaretto) بەکارهاتووە، هەردوو وشەی (منار) و (منارە) لە ڕەگی نوورەوە وەرگیراون، منار بەوە پێناسە دەکرێت کە نیشانە و ئاماژەیەکە بۆ دیاری کردنی ڕێگا، یان نیشانەیەکی جیاکەرەوەیە لە نێوان دوو زەوی دا، واتە منار و منارە شوێنی نوور و ڕووناکین، ئەم وشەیە بەکارهێنراوە لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی و ئەنادۆڵ و بۆ ناوانی هەموو جۆرەکانی منارە بەکارهاتووە، پاشان لەم ناوچانەوە گواسترایەوە بۆ ناوچەکانی ئەوروپا و چووە ناو زمانە ئەوروپییەکانەوە (النمري، ١٩٩٧، ص ١).

منارە لە زمانەوانیدا: ئەو ناونیشانەیە کە لە بەرد و قوڕ دروست کراوە لەسەر ڕێگاکان و لە بنەڕەتدا وشەکە بە واتای (چرای ڕاگیراو) دێت، ئەمەش لەوەوە هاتووە کە لە سەردەمانی کۆندا بۆ چاوساغی و ڕێنیشاندانی ڕێبوار و کەشتیوانەکان بەکارهاتووە، چونکە لەسەر منارەکان بەردەوام ڕووناکی هەبووە (رامپوري، ١٣٣٧، ص ٤٣٦). لە (فرهنگ نظام)دا هاتووە (منار – منارة): واتە شوێنی ڕووناکی، بورجێك کە لە مزگەوتدا دروست دەکرا و بانگبێژ دەچووە سەری بۆ بانگدان (داعي الإسلام، ١٣٦٢، ص ٢٢٧).

(المنارة) بە دەستەواژەی تاك وكۆی (المنار) بریتیە لە وشەیەکی وەرگیراو لە کرداری (أنار) یان (أشغل النار) یان (أضاء النور)، بەکارهاتووە بۆ ڕێنیشاندانی کەشتیوانەکان لەناو دەریاکان و کاروانەکان لە وشکانیدا، هەروەها وتراوە ئەم وشەیە (المنارة) بە هیچ شێوەیەك تایبەت نییە لە بانگکردنی خەڵکی بۆ نوێژ، بەڵکو بە واتای شوێنی ڕووناکییە، لەبەر ئەوەی خەڵکی لە سەردەمانی کۆنەوە منارەیان بەکارهێناوە بۆ ڕێنوێنیکردنی گەشتیار و خوازراوانی ڕێگاکان، و بە گشتی واتای نیشانەکانی ڕێگاکان دەگەیەنێت (طراد، و الصقور، ٢٠١٦، ص ٣١٦).

محمد باقر (م: ١٩٨٠) زانای دیاری مەزهەبی شیعەکان پێی وایە: لە فەرموودەکانی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) مەبەست لە (منارە) ئەهلی بەیتە و لە هەندێك شوێنی قورئانی پیرۆزیشدا هەر بە واتای ئەهلی بەیت هاتووە (مجلسي، ٢٠١٧، ص ١٤٩).

(هیلین برند) لە توێژینەوەیەکیدا دەربارەی بیناسازی ئیسلامی دەڵێت: هیچ جۆرە بەڵگەیەك لەبەردەستدا نییە بیسەلمێنێت ئەم شوێنە بۆ بانگدان بەکارهاتووە، بەڵکو واتای سەرەکی ئەم وشەیە شوێنی ڕووناکی یان ئاگرە، دەکرێت پوخت بکرێتەوە و بوترێت وشەی منارە دوو چەمکی جیاوازی (ڕووناکی - ئاگر) و (هێما - نیشانە) بە یەکەوە دەبەستێتەوە، کە هیچ کامیان لە پەرستنەکانی ئیسلامدا جێگایان نابێتەوە (هیلین برند، ١٧٣٧، ص ١٣٣).

مێوونووسی ئەمریکی (ئارتور ئەبهام پوپ) (م: ١٩٦٩) دەربارەی پێناسەی منارە دوو بۆچوونی باسکردووە، یەکەم: (منارە) بە واتای ڕۆشنایی هاتووە، و (منار) بەو شوێنە وتراوە کە ئاگری تێدا هەڵکراوە،وە بە واتای ڕەمزی تیشکدانەوەی خودا و دەرکەوتنی مەعنەوییەت هاتووە. دووەم: منارەکان وەکو نیشانە و ڕەمزێك بوون بۆ دیاریکردنی ڕێگاکان، و لەسەر ڕێگا سەرەکییەکانی بیابانەکاندا دروستدەکران، وەکو میلی منارەی (خوسرەو گرد) لە نزیك شاری (سەوزەبان) لە وڵاتی ئێران، و منارەی (زیار) لە ئەسفەهان و ... تاد (پوپ ، ١٣٧٣، ص ١٧١)، (بڕوانە وێنەکانی ژمارە ٧).

**وێنەکانی ژمارە (٧)**
**میلی منارەی (خوسرەو گرد) و منارەی (زیار)**





المئذنة: زاراوەی (المئذنة) بەو شوێنە دەوترێت کە بانگبێژەکان دەچنە سەری و بانگی لێوە دەدەن و موسڵمانان ئاگاداردەکەنەوە لە کاتی نوێژەکانیان، (المئذنة) وەرگیراوە لە کرداری (أذن)ەوە، (أذن) بە واتای مۆڵەتدان بە ئەنجامدانی کارێك، یاخود بانگەوازی دەنگی و بانگکردنی نوێژخوێنان بۆ مزگەتەکان بە مەبەستی ئەنجامدانی نوێژە بەکۆمەڵەکانیان، وتراوە: (أذن - يؤذن - إيذانا) و (أذن - يؤذن - تأذينا) (إبن المنظور، ٢٠١٦، ص ٥١-٥٢). ئەم زاراوەیە و پێکهاتەکانی لە قورئانی پیرۆزدا بە چەند واتایەك هاتوون، لەوانە: بۆ ئاگادارکردنەوە(طرشاوي، ٢٠٠٣، ص ٣٧)، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت: (فَإِن لَم تَفعَلُوا فَأْذَنُوا بِحَربٍ مِنَ اللهِ وَرَسُولِهِ)(سورة البقرة: الاية: ٢٧٩)، واتە:(خۆ ئەگەر واتان نەکرد و دەستتان هەڵنەگرت لە سوو خۆری، ئەوسا جەنگێکی گەورە ڕابگەیەنن لەگەڵ خواو پێغەمبەرەکەیدا ﷺ (مەحمود، ٢٠١٢، ل ٨٨).

هەروەها بە واتای (بانگکردن بۆ شتێك) هاتووە (طرشاوي، ٢٠٠٣، ص٣٧)، (وَأَذَانٌ مِنَ اللهِ وَرَسُولِهِ إِلَى النَاسِ يَومَ الحَجِ الأَكبَرِ)(سورة التوبة، الاية: ٣)، واتە: (ئەمەش بانگەواز و ڕاگەیاندنێکە لەلایەن خواو پەیامبەرەکەیەوە (ﷺ) بۆ هەموو خەڵکی لە ڕۆژی حەجی گەورەدا، هەندێك لە زانایان پێیان وایە: ڕۆژی حەجی گەورە ڕۆژی عەرەفەیە، هەندێکی تر پێیان وایە: یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربانە) (مەحمود، ٢٠١٢، ل ٨٨). لە ئایەتێکی تردا بە هەمان واتا هاتووە، بەم شێوەیە: (وَأَذِن فِي النَاسِ بِالحَجِ...) (سورة الحج، الاية: ٢٧)، واتە: (جا بانگی خەڵکی بکەو جاڕ بدە لە نێویاندا با بێن بۆ حەج...) (أمين، ٢٠١٦، ل ٦٧٠)، (إبن المنظور، ٢٠١٦، ص ٥١-٥٢).

ئامانجی ڕاستەوخۆی بانگدان لە ئیسلامدا بانگەواز و ئاگادارکردنەوەی نوێژخوێنانە بۆ بەدەمەوە چوونی نوێژەکانیان لە کاتی دیاریکراوی خۆیاندا، بانگبێژ لە ئیسلامدا پلەیەکی بەرزی هەیە، وەك لە فەرموودەی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) هاتووە، عیسای کوڕی تەلحە لە موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیانەوە گێڕاویەتییەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: الْمُؤَذِّنُونَ أَطْوَلُ النَاسِ أَعْنَاقًا يَوْمَ الْقِيَامَةِ (الْمُؤَذِّنُونَ أَطْوَلُ النَاسِ أَعْنَاقًا يَوْمَ الْقِيَامَةِ) (صحيح مسلم: برقم (٣٨٧))، واتە: (بانگێژەکان لە ڕۆژی قیامەتدا گەردنیان لە هەموو کەس بەرزترە) (المنذري، ٢٠٠٧، ل ١٢٣).

ئەوە ڕوونە کە موسڵمانان لە شەو و ڕۆژێکدا پێنج جار و لە پێنج کاتی جیاواز و دیاریکراودا نوێژ ئەنجام دەدەن، بانگدانیش پەیوەندیدار بووە بە مزگەوت و منارەوە، بۆیە (المئذنة) بووە بە ڕەگەزێکی سەرەکی لە بیناسازی مزگەوتەکان، ئەمە لە کاتێکدایە کە زاراوەکانی تر ئەم واتایە ناگەیەنن، لە شارستانیەتی ئیسلامی دا ئەم زاراوەیە بەکارهێنراوە بۆ شوێنی بانگدان، هەروەك پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەموو جارێك لە کاتی بانگداندا بیلال یاخود هاوەڵێکی تری ڕادەسپارد بۆ ئەوەی بانگ بدات لە شوێنێکی بەرزدا، خەڵکیش کاتێك گوێیان لێ دەبوو کاتی نوێژیان بیردەکەوتەوە و ڕوویان دەکردە مزگەوت بۆ مەبەستی ئەنجامدانی نوێژەکانیان (البرادوستي، ٢٠٢٢، ص ٤٣).

٧/ العساس: یەکێکی ترە لەو زاراوانەی بەکارهاتووە بۆ منارەکان، پێش هاتنی ئاینی ئیسلام بەکارهاتووە بۆ ئەو بورجانەی کە بەکارهێنراون بۆ چاودێری و ئاگاداربوون لە دەوروبەر، بەڵام لە شارستانیەتی ئیسلامی دا (المئذنة) شوێنی ئەم زاراوەی گرتووەتەوە و بەکارهێنراوە، بەڵام لە بەرامبەر ئەرکێکی تردا کە ئەویش شوێنی بانگدانە (البرادوستي، ٢٠٢٢، ص ٤٤). پێی وتراوە (العساس) بە واتای شوێنی چاودێریکردن، چونکە تەنها بۆ بانگدان بەکارنەهاتووە، بەڵکو وەکو شوێنێك بۆ چاودێریکردنیش بەکارهاتووە لەکاتی شەڕەکاندا (الجبلاوي، ٢٠٢٢، ص ٣).

## تەوەرەی پێنجەم/ تەرزە (الطراز) جۆر بەجۆرەکانی منارە لە شارستانیەتی ئیسلامی دا:

بە درێژایی مێژووی شارستانیەتی ئیسلامی جۆرەها شێوە و شکڵی منارە بەپێی سەردەمی حوکمڕانی و ناوچە جیاوازەکانی خاکی موسڵمانان پەیدابوون و بنیاتنراون و دەرکەوتوون، لە گرنگترینیان:

أ/ شێوازی منارەی چوار لایی: ئەم شێوەیە بۆ یەکەمجار لە بیناسازی سەردەمی ئومەویەکاندا دەرکەوت لە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی و مەغریب و ئەندەلوس، وەك: منارەی مزگەوتی ئومەوی لە بلاد شام، منارەی مزگەوتی (عوقبەی کوڕی نافع) لە قەیرەوان، منارەی مزگەوتی (جامع الزيتونة) لە تونس، منارەی (الجامع الكبير) لە ئیشبیلیە، منارەی مزگەوتی گەورەی قورتوبە لە ئەندەلوس و ... تاد، ئەمانە بە تەواوەتی لەژێر کاریگەری پێکهاتەی چوارگۆشەیی بورجی کەنیسەکانی پێش ئیسلامدا بوون، تەنانەت هەندێکیان هەمان بورجەکانی پێشوو بوون بە هەندێك گۆڕانکارییەوە نەبێت، بە تایبەتی لە بەشی کۆتاییاندا بۆ ئەوەی بە تەواوەتی سیمایەکی منارە وەربگرن و شکڵ و شێوەیان جیاواز بێت لە بورجی کەنیسەکان (طراد، و الصقور، ٢٠١٦، ص ٣١٦).

ب/ شێوازی منارەی لولەیی (الأسطواني): شێوەیەکی تری منارەیە لە شارستانیەتی ئیسلامیدا، بۆ یەکەمجار دەرکەوت لە بلاد فارس و عێراق و هیند و هەرێمی کوردستان، ئەم شێوازە لە منارەکان لە بیناسازی سەلجوقییەکانەوە بڵاوبوویەوە، بە گشتی بالکۆنێك یان زیاتری بەهێزی ڕازێندراوە بە موقەرنەصاتیان هەبووە، و کۆتایی منارەکان هاوشێوەی قەڵەم ڕەصاص بوو، ئەم شێوازە دواتر کاریگەری تەواوی لەسەر منارەکانی سەردەمی عوسمانییەکان هەبوو، لە بەناوبانگترینیان: منارەی مزگەوتی (كليان) لە بوخارا، منارەی (قطب منار) لە دەهلی هیندستان و ... تاد، پاشان ئەم شێوازە لە بیناسازی سەفەوییەکان لە ئێران بڵاوبوویەوە (طراد، و الصقور، ٢٠١٦، ص ٣١٥).

ج/ شێوازی منارەی پێچاوپێچ (الحلزونية - الملوية): دروستکراوە لەسەر شێوەی قوچەکێك لەسەر بنکەیەکی چوارگۆشەیی پتەو، پلیکانەیەکی پێچاوپێچی لە دەرەوە پێوە پێچراوە تاوەکو لوتکەی منارەکە، لەوانە: منارەی مزگەوتی (أبي دلف) لە باکوری سامەڕا ناسراو بە (الملويه)، منارەی مزگەوتی (ئیبن تولۆن) لە مصر، ئەم مۆدێلە لە منارە لەژێر کاریگەری بورجەکانی بابلی (الأبراج البابلية) ناسراو بە زەقورە (Ziggourats-الزقورات) دروستکراوە، دەکرێت دروستکردنی ئەو جۆرە منارانە نەریتێك بوبێت لە بیناسازی بابلی کۆنەوە بۆ شارستانیەتی ساسانی و لەوانیشەوە بۆ عەباسییەکان گوازرابێتەوە (Ben Youcef, 2005, p 51-52).

د/ نمونەی منارەی ئاوێتە (تێکەڵاو - المركبة): ئەم جۆرەیان جیاوازە لە شێوازە ناسراوەکەی شارستانیەتی ئیسلامی، تێکەڵەیەکە لە دوو سێ شێواز، چوارگۆشەیی و لولەیی یان چوارگۆشەیی و هەشت گۆشەیی و لولەیی ... تاد، شاری قاهیرە وەکو مۆزەخانەیەکی کۆکەرەوەی ئەم شێوازە لە بیناسازی منارە ناسراوە (طرشاوي، ٢٠٠٣، ص ٥٥)، ئاماژە بەوە دەکرێت ئەم شێوازە لەلایەن بیناسازەکانی سەردەمی تولۆنییەکانەوە برەوی پێدرابێت، و پاشان گوازرابێتەوە بۆ فاتمییەکان و لەوانیشەوە بۆ ئەیوبی و مەملوکییەکان و پاشانیش بۆ عوسمانییەکان (طراد، و الصقور، ٢٠١٦، ص ٣١٧).

هـ/ نمونەی منارەی قوچەکی عوسمانی (المخروطية العثمانية): هاوشێوەی قەڵەم ڕەصاصێکی نوك تیژن و بۆ ئاسمان بەرز دەبنەوە، ئەم شێوازە لە منارە بڵاوبوویەوە لە ویلایەتەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی لە بلاد ئەنادۆڵ و بلاد شام و مصر و ناوچەی بەلقان لە ئەوروپا، لە دیارترین نمونەی ئەم شێوازەش: منارەی مزگەوتی (سوڵتان ئەحمەد) لە ئەستەنبوڵ، و منارەی (جامع محمد على) لە قەڵای قاهیرە و (طراد، و الصقور، ٢٠١٦، ص ٣١٧) منارەی مزگەوتی گەورەی ئاکرێ.

ئەم شێوازانە لە بەناوبانگترین شێوازەکانی منارەن لە شارستانیەتی ئیسلامی دا، و وەك سەرچاوەی زۆربەی نەخشەکانی بیناسازی منارەکان دادەنرێن لە سەردەمی ئومەوییەکانەوە تاوەکو ئێستا. شێوازی منارەکان لە بیناسازی ئیسلامیدا گوزارشت لە مانا قوڵەکانی بوون دەکەن، بە فەلسەفەیەکی ڕۆحی جوانی ماناداری قوڵەوە، بیناسازی موسڵمان هەرگیز نەیتوانیوە ئەو مانایە لە بیناسازی مزگەوتەکان جیابکاتەوە، ئیسلام پەیوەست نییە بە سیستەمێکی تایبەتەوە لە دروستکردن و دیزاینی منارەدا، بەڵکو بە پێچەوانەوە کارلێك دەکات لەگەڵ هەموو پێشکەوتنێکی زانستی و تەکنەلۆژی لە هەموو بوارێکدا و هەرگیز ناکۆك نییە لەگەڵ وانەو بنەماو بەهاکاندا، ئەمەش بە تەواوەتی ڕەنگی داوەتەوە لە دەرکەوتنی چەندین شێواز (الطراز) لە شارستانیەتی ئیسلامیدا (طراد، و الصقور، ٢٠١٦، ص ٣١٨).

سەردەم دوای سەردەم شێواز و نەخشەسازی و جوانکاری منارەکان پێشکەوتنیان بە خۆوە بینی و گەشەیان کرد، تاوەکو بوونە ڕەگەزێکی بنچینەیی و گرنگی مزگەوتەکان. شکڵ و شێوەی منارەکان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جیاوازە، بەهۆی چەند هۆکارێکەوە، لەوانە: جۆری کەرەستەی بەردەستی بیناسازی، بۆ نمونە: لە (مصر و سوریا و مەغریب و ئەندەلوس و ئاسیای بچوك) زیاتر بەرد بەکارهاتووە، بەڵام لە (عێراق و ئێران و ئاسیای ناوەڕاست) زیاتر کەرپوچ (خشت) بەکارهاتووە، یان بۆ نمونە لە هەرێمی کوردستان منارەی مزگەوتی گەورەی ئامێدی بە هۆکاری هەڵکەوتەی جوگرافی شارەکە کە دەکەوێتە ناوچەیەکی سەختی شاخاوی لە بەرد دروستکراوە، بەڵام منارەکانی سەنتەری شاری هەولێر یان سلێمانی بە پێچەوانەوە لە کەرپوچ دروست کراون، چونکە لەم ناوچانەدا خشت و کەرپوچ ئاسانتر دەستکەوتوون بەراورد بە بەرد یان هەر مەوادێکی تری بیناسازی، هەروەها ئاستی پێشکەوتن و توانای هونەری و ئەندازیاری، و توانای ماددی، و عورف و عاداتی ناوچەکە و ... تاد بە هەمان شێوە کاریگەرییان هەبووە لەسەر جۆر و شکڵ و شێوەیان (یاغي، ٢٠٠٩، ص ١١٢).

## تەوەرەی شەشەم/ گرنگترین ڕەگەز و پێکهاتە بیناسازییەکانی منارە:

أ/ بنكە (القاعدة): بەشێکی گرنگ و سەرەکی منارەیە و دەکەوێتە بەشی خوارەوەی منارەکە، دەبێت زۆر بە بەهێزی و پتەوی دروستبکرێت، چونکە بناغەی منارەکەیە و سەرجەم قورسایی منارەکەی دەکەوێتە سەر، بە گشتی چەند جۆرێکی هەیە: (چوارلا، شەش لا، هەشت لا، چەند لایی).

ب/ دەرگا: بەشێکی سەرەکی و گرنگی منارەکانە، شێوەیان لا کێشەییە، لانی کەم هەموو منارەیەك دەرگایەکی سەرەکی هەیە بۆ سەرکەوتنە سەرەوەی منارەکان، ئەوانەشیان بالکۆنیان هەیە بەپێی ژمارەی بالکۆنەکانیان دەرگایان هەیە بۆ سەرکەوتنە سەریان (الخازمي، ٢٠١٦، ص ١٣).

ج/ لاشە (البدن): بەشێکی تری سەرەکی منارەیە و لە دوای بنکە دەست پێدەکات و چەند شێوەیەکی جیاوازی هەیە، لەوانە: (لولەیی، چوارلا، لولپێچی (الحلزوني- الملوية)، هەشت لایی، چەند لایی (المتعدد الأضلاع).

د/ چین (الطبقة): بەشێکی تری پێکهاتەی بیناسازی منارەیە و دەکەوێتە بەدەنی منارەکە و جۆراو جۆرە.

هـ/ پەنجەرە (النوافذ): بەشێکی تری منارەن و دەکەونە بەدەنەکەیەوە و هەمەجۆرن، مەبەست لە دروستکردنیان بریتییە لە هەواگۆرکێ و هاتنە ژوورەوەی ڕووناکی.

و/ دەرچەی بچوك (الكوة): بریتین لە کونی بچوك بچوك، بە هەمان شێوەی پەنجەرەکان مەبەست لە دروستکردنیان بریتییە لە چوونە ژوورەوەی ڕووناکی و هەواگۆڕکێ و کەمکردنەوەی پەستانی هەوای سەر بەدەنی منارەکان، و چەند شێوەیەکی جیاوازیان هەیە.

ز/ القمريە: دەرچەیەکی گەورەترە لە (الكوة) و بۆ مەبەستی ڕووناکی بەکار هاتوون.

ح/ ڕەگەزە جوانکارییەکان (العناصر التزينية): بەشێکی ترن لە پێکهاتەکانی منارە، ئامانج لە دروستکردنیان جوانکاری و ڕازاندنەوەی ڕووی دەرەوەی منارەکانە، وەك: (کەوانەکان، پەنجەرە و تاقە داخراوەکان، بالکۆنەکان، مقرنصات و... تاد).

ط/ بالکۆن (الشرفة): دەکەونە بەدەنی منارەکان و دەرگایان لەسەرە، لە ڕابردوودا بانگبێژەکان بەمەبەستی بانگدان چوونەتە سەریان، لە ئێستاشدا زیاتر بۆ مەبەستی جوانکاری ڕووی دەرەوەی منارەکان دروستدەکرێن.

ی/ موحاجەرەی دەوری بالکۆنەکان (الدرابزين): بەو بەشە دەوترێت کە دەوری بالکۆنەکانی داوە. (دقيل، ٢٠٢١، ص ١٦٠).

ک/ چەتر (المظلة): بەشێکی تری منارەکان بووە و دەکەوێتە سەرەوەی بالکۆنەکانەوە، لە ڕابردوودا بۆ مەبەستی پاراستن و پارێزگاری لەو کەسەی دەچێتە سەر بالکۆنەکان لە باران و تیشکی خۆر، هاوشێوەی چەترێك دەور دەبینێت بۆیە ئەو ناوەی لێنراوە.

ل/ کۆتایی منارە (رأس المئذنة): لە چەند بەشێك پێك هاتووە، لەوانە: (الجوسق، کڵاوی قوچەکی و نیوە بازنەیی، گومەز، شێوە تۆپی بچوکی کانزایی (الكرات)، شێوەی مانگ (هيلال) و .... تاد) (الخازمي، ٢٠١٦، ص ١٢-١٣) (البرادوستي، ٢٠٢٢، ص ٤٩).

م/ پلیکانە: پێکهاتەیەکی تری منارەکانن و بۆ مەبەستی سەرکەوتن بەسەریاندا بەکاردەهێنرێن، لە سەرەتای بنکەی منارەکەوە دەست پێدەکەن تاوەکو گومەزەکەی (کۆتاییەکەی)، دروستدەکرێن لە: (بەرد، کەرپوچ، ئاسن، دار، قاڵبی چیمەنتۆ) و بە شێوەیەکی لولپێچی لە ناوەوە یاخود لە دەرەوە بە دەوری منارەکەدا دەسوڕێنەوە بە ئاراستەی پێچەوانەی میلی کاتژمێر (لە ڕاستەوە بۆ چەپ)، بۆ نمونە: لە ناوەوە هاوشێوەی منارەی (خورماڵ)، و لە دەرەوە هاوشێوەی منارەی ملویەی سامەڕا، تیکڕا منارەکان یەك پلیکانەیان هەیە، بەڵام دەشگونجێت هاوشێوەی منارەی چۆلی لە هەولێر دوو پلیکانەیی بن (الخازمي، ٢٠١٦، ص ١٣).

## دەرئەنجام:

**لە کۆتاییدا دەرئەنجامی توێژینەوەکە لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا کورت دەکەینەوە و دەخەینە ڕوو:**

١. مێژووی بنیاتنانی منارەکان (بورج - تاوەرەکان) وەکو پێکهاتەیەکی بیناسازی سەربەخۆ یاخود بەشێك لە کەنیسەو پەرستگاكان دەگەڕێنەوە بۆ پێش زاین، بۆ نمونە: منارەی ئەسکەندەریەی مصر کە لە ساڵی (٢٧٩ پ.ز) بنیانراوە، هەروەها بورجی شاری بابل کە لە سەردەمی بابلییەکاندا (٢٣٠٠-٥٣٩ پ.ز) بنیاتنراوە.

٢. پێش سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلام بورج و منارەکان بۆ چەند مەبەستێك بنیاتنراون، لەوانە: (ڕێنیشاندان و چاوساغی و ئاگادارکردنەوەی دەوروبەر، بۆ ئەم مەبەستەش لە شەودا ئاگرێك یاخود چرایان لە بەشی سەرەوەیدا هەڵدەکرد، وە لە ڕۆژیشدا دووکەڵیان تێدا دروستدەکرد بۆ ئەوەی لە دوورەوە دیاربن و ببنە چاوساغ و ڕێنیشاندەر بۆ کەشتیوانەکان لە کەنار دەریاکان و کاروانەکان لە ناوچە بیابانییە فراوانەکاندا، وەکو هێما و نیشانەیەك بەرکاهێنراون بۆ دیاریکردنی سنور، بە هۆکاری بەرزییەکەیان بەکارهێنراون بۆ چاودێریکردنی دەوروبەر).

٣. بیرۆکەی بیناسازی بنیاتنانی منارەکان لە شارستانییەتە گەورەکانی پێش ئیسلامەوە گوازراوەتەوە بۆ شارستانیەتی ئیسلامی بەڵام بۆ چەند مەبەست و ئامانجێکی جیاواز.

٤. سەرەتا لە چوارچێوەی پێکهاتەی بیناسازی مزگەوتەکاندا تەنها مەبەست لە بنیاتنانیان بۆ شوێنی بانگدان بوو، چونکە بە هۆکاری بەرزییەکەیان دەنگی بانگبێژ دەگەیشتە مەودایەکی دووری دەوروبەری مزگەوت، و سەردەم دوای سەردەم ڕۆڵ و گرنگیان زیادی کرد و هاوشان لەگەڵ پێشکەوتنی بواری بنیاسازی شارستانیەتی ئیسلامی بوونە گرنگترین پێکهاتەی بیناسازی مزگەوتەکان و ڕەمز و ناسنامەو سومبولی شارە ئیسلامییەکان.

٥. لە مێژووی شارستانیەتی ئیسلامیدا کۆمەڵێك زاراوەی مێژوویی و شوێنەواری بەپێی هەلکەوتەی جوگرافی خاکی موسڵمانان بەکارهاتوون بۆ منارەکان، سەرجەمیان لە ئەرك و وەزیفەدا هاوشێوەی یەك بوون، جیاوازی زاراوەکانیش تەنها لایەنی زمانەوانی ناوچەکان بووە، لە گرنگترینیان: (المنارة، المئذنة، الصومعة، الأسطوان، الزوراء، المطمار، العساس ..).

## لیستی سەرچاوەکان:

### قورئانی پیرۆز


- سەرچاوە کوردییەکان:

١- مەحمود، ئەحمەد کاکە. (٢٠١٢). تەفسیری ڕامان لە ماناو مەبەستی قورئان. چ ٣.

٢- أمین، بورهان محمد. (٢٠١٦). تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان. ناوەندی ڕۆشنبیر.

٣- سکێرس، جنێفەر. (٢٠١٢). کولتوری شارنشینی لە شارەکانی ڕۆژهەڵات، وەرگێڕانی: شەهلا وەلی جەبار. چاپخانەی ڕۆژهەڵات. هەولێر.

٤- المنذري، زكي الدين عبدالعظيم بن عبدالقوي. (٢٠٠٧). پوختەی صەحیحی موسلیم. وەرگێڕانی: لیژنەیەك، ب ١، چ ٢.

**- المصادر العربية/ الكتب:**

١- إبن المنظور، (١٤٠٥هـ/١٩٨٤م). لسان العرب. المجلد ١٣. نشرأدب الحوزة. قم. ايران.

٢- الكتاني، محمد عبدالحي. (٢٠١٤). نظام الحكومة النبوية المسمى التراتيب الإدارية. تحقيق: د.عبدالله الخالدي. ج ١. شركة دار الأرقم بن أبي الأرقم للطباعه والنشر والتوزيع. بيروت..

٣- إبن جبير، محمد. (١٩٨٠). رحلة ابن جبير. دار صادر للطباعه والنشر. بيروت.

٤- المقريزي، تقي الدين أحمد بن على. (١٩٩٧). المواعظ والإعتبار بذكر الخطط والأثار. تحقيق: محمد زينهم و مديحه الشرقاوي. ج١. مكتبة مدبولي. القاهرة.

٥- عزب، خالد. (٢٠١٢). فقه العمران "الدوله والمجتمع والعمارة في حضاره المسلمين". الفصل الثالث. الدار المصرية اللبنانية.

٦- النعيمي، عبدالقادر بن محمد الدمشقى. (١٩٨٨). الدراس في تاريخ المدارس. مكتبة الثقافة الدينية. دمشق.

٧- رزق، عاصم محمد. (٢٠٠٠). معجم مصطلحات العمارة والفنون الإسلامية. ط ١. مكتبة مدبولي. القاهرة.

٨- إبن هشام، أبي محمد عبدالملك. (١٩٩٥). سيرة النبي (ﷺ). تحقيق ودراسه: مجدي فتحى السيد. (المجلد ٢). ط ١. دار الصحابة للتراث. طنطا. مصر.

٩- البلاذري، أحمد بن يحيى بن جابر. (١٩٥٧). فتوح البلدان. تحقيق: عبدالله أنس الطباغ و عمر أنس الطباغ. دار النشر للجامعيين. بيروت.

١٠- النيسابوري، الإمام إبي الحسين مسلم بن الحجاج القشيري. (١٩٩١). صحيح مسلم. ج ١. ط ١. دار الكتب العلمية. بيروت.

١١- طراوة، حجازي حسن علي. (٢٠٠٨). إمارة عمر بن عبدالعزيز على مدينة النبوية (دراسة تاريخية وحضارة). (المجلد ١). ط ١. زهراء الشرق. القاهرة.

١٢- الباشا، حسن. (١٩٩٩). موسوعة العمارة والأثار والفنون الإسلامية. (المجلد ١). ط ١. بيروت.

١٣- البرادوستي، زيدان رشيد أودل. (٢٠٢٢). الفن والعمارة الدينية في إقليم كوردستان والعراق – المآذن الأتابكية نموذجا (دراسه تحليلية ميدانية). ط ١. مطبعة جنگل. طهران.

١٤- وزيري، د.م. يحيى. (٢٠٠٤). العمارة الإسلامية والبيئة. مطابع السياسه. الكويت.

١٥- عميد، طاهر مظفر. (١٩٨٩). أثار المغرب و الأندلوس. جامعة بغداد. بغداد.

١٦- عبدالحافظ، عبدالله عطية. (٢٠٠٥). الآثار والفنون الإسلامية، القاهرة.

١٧- دقيل، حسين. (٢٠٢١). مآذن أثرية من مصر العثمانية، ط ١. ببلومانيا للنشر والتوزيع.، القاهرة.، مصر.

١٨- السراج، اكرام عبدالمنعم احمد. (٢٠١٢). مآذن جوامع الموصل من العصر العثماني (دراسة عمارية فنية). دار إبن الأثير للطباعة والنشر. جامعة الموصل. الموصل. عراق.

**- منابع كتاب هاى فارسي:**

١- إبن بطوطة. (١٣٧٠). سفرنامه ابن بطوطه. ترجمه: دكتر محمد على موحد، ج ١. چ ٥. تهران.

٢- پوپ، آرتور ابهام. (١٣٧٣). معماري ايران. ترجمه: غلا محسين صدرى افشار، مطبعه ميراث فرهنگى. تهران.

٣- مجلسي، محمد باقر بن محمد تقى. (٢٠١٧). بحار الأنوار. دارالكتب الإسلاميه. تهران.

٤- علام، نعمت اسماعيل. (١٣٨٢). هنرهاى خاورميانه در دوران إسلامي. ترجمه: عباسعلى تفضلى. چ ٢. إنتشارات آستان قدس رضوي. مشهد.

٥- داعي الإسلام، سيد محمد على. (١٣٦٢). فرهنگ نظام. ج ٥. چ ٢. ناشر شركت دانش. تهران.

٦- روبرت هيلين برند. (١٧٣٧). معمارى إسلامى، شكل، كاركرد و معنى. ترجمه: باقر آيت الله زاده شيرازي. انتشارات روزنه. تهران.

٧- رامپورى، غياث الدين محمد بن جلال الدين بن شرف الدين. (١٣٣٧). فرهنگ غياث اللغات. (المجلد ٢). چ ١. فصل ميم مع نون چاپخانه گيلان. تهران.

**-English source:45**

1- Bisheh, G.(2000). " A Short Note on the Minaret at Qastal.". Liber Annuus.

2- Ben Youcef, Brahim. (2005).Introduction a l'architecture islamique. Alger.

3- Lucian golvin: La mosquee, institute des etudes islamiques a Alger, Alger, 1960.

**- رسائل الماجستير والدكتوراه:**

١- طرشاوي، بلحاج. (٢٠٠٣). "المآذن الزبانية والمرينية في تلمسان (دراسة تاريخية وفنية)". رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الأداب والعلوم الإنسانية والعلوم الاجتماعية. جامعة أبي بكر بلقايد. تلمسان. الجزائر.

٢- طرشاوي، بلحاج. (٢٠٠٧). "العمارة الإسلامية أصولها الفكرية ودلالاتها الثقافية والبيئة من خلال بعض النماذج". أطروحة الدكتوراه غير منشورة. كلية الأداب والعلوم الإنسانية والعلوم الاجتماعية. جامعة أبي بكر بلقايد. تلمسان. الجمهورية الجزائريه.

٣- النمري، فاطمة (مياه) ولي. (١٩٩٧). "أشكال وأساليب عمارة المآذن في مساجد المشرق الإسلامي". رسالة ماجستير غير المنشورة. جامعة عمان. عمان.

٤- الخصاونة. ثابت محمد علي. (٢٠٠١). "المئذنه في العمارة اسلامية المبكرة (دراسة وصفية تحليلية)". رساله ماجستير غير المنشورة. جامعة اليرموك. سورية.

**- المجلات العربية:**

١- كليب، لطفى سعيد صالح، شوكت محمد لطفى القاضي، و عزت عبدالمنعم مرغني. (٢٠١٨). "تطور عمارة المآذن في اليمن ومصر (من عصر صدر الإسلام حتى العصر العثمانى) دراسة تحليلية مقارنة". Journal of Engineering Sciences، جامعة أسيوط. رقم ٦. مصر. ٧٠٦-٧١٨.

٢- الخازمي، محمد مصطفى. (٢٠١٦). "المئذنة: أصلها - نشأتها – عناصرها". مجله الأكاديمية للعلوم الأساسية والتطبيقية. المجلد ١٥. العدد ١. ١٠-١٤.

٣- المعيقل، خليل إبراهيم. (١٩٩٤). "مسجد عمر بن الخطاب بدومة الجندل." مجلة جامعة الملك سعود. رياض، السعودية.

٤- ياغي، غزوان. (٢٠٠٩). "المآذن في العالم الإسلامي نشأتها وتطورها". مجلة مهد الحضارات. العدد ٨-٩. ١١١-١٢٠.

٥- خلف، ابراهيم حسين. (٢٠١٨). "المآذن الإسلامية في الهند مأذنة قطب منار انموذجا". مجلة دراسات في التاريخ والآثار، العدد ٦٦، ٤٢٣-٤٣٠.

**- مجلات فارسية:**

١- شبوح، إبراهيم. (١٩٩٩). "نماذج من بواكير العمارة والتراث المكتوب في الغرب الإسلامي". مجلة البيان. منشورات جامعه آل البيت. العدد ٣. السعودية.

٢- مصطفى، أمين مصطفى. (٢٠١٢). "جامع أحمد بن طولون (٢٦٣-٢٦٥هـ/٨٧٦-٨٧٩م)". مراجعة: د.عادل محمد زياده و د.أحمد الزيات. مطابع وزارة الدولة لشئون الأثار.

٣- أم بلوم، جاناتان. (١٣٩٣). "مبناى پيدايش مناره از ديدگاه كرسول". مجله صفة. ترجمه: مهندس محمد رضا بذل جو. العدد ٣٥. ايران. ١٢٣-١٢٩.

٤- الجبلاوي، كمال محمود كمال محمد. (٢٠٢٢). "الأفكار الفلسفية والتعبيرات الرمزية للمنارات (المآذن)". المجلة العلمية الدولية في العمارة والهندسة والتكنولوجيا. ١-١٧.

٥- عبدالأمير، صفا لطفي. (٢٠١٠). "الأبعاد الجمالية للمئذنة في العمارة الإسلامية". مجلة جامعة بابل، العلوم الأنسانيه، المجلد ١٨. العدد ٢. ٥٤٩-٥٥٦.

**- الأبحاث العلمية:**

١- طراد, مهند، صقر الصقور. (٢٠١٦). "تصميم المآذن بين التاريخ والمعاصرة (نماذج من الأردن)". المجلد ٢٢. العدد ٤. ٣١١-٣٣٤.

٢- محمود، عبدالعزيز سالم. (٢٠١٣). "المآذن المصرية، نظره عامة عن أصلها وتطورها منذ الفتح العربي حتى الفتح العثماني". جامعة الأسكندرية. مؤسسة شباب الجامعة للطباعة والنشر. مصر.

**- سەرچاوەی وێنەکان:**

١- مسجد عمر بن الخطاب في الجوف – السعودية.
https://twitter.com/mnaw7/status/800764405948489728?lang=es

٢- في ذكري تأسيسه.. كيف تحول مسجد إشبيليه إلى مقبرة لكريستوفر كولمبوس؟
https://gate.ahram.org.eg/News/2691976.aspx

٣- جامع عقبة بن نافع أو جامع القيروان الكبير - هو مسجد بناه عقبة بن نافع تونس
https://www.pinterest.com/pin/636133516097064836/

٤- هذا مسجد قرطبة الذي تحول إلى كنيسة !؟
https://twitter.com/bader_hmod/status/1070506360914231300

٥- ملوية سامراء (ملوية أبو دلف)
https://m.facebook.com/story.php?story_fbid=1066153160222031&id=105219749648715&p=12

٦- مسجد ن طولون أحد المساجد الأثرية الشهيرة بالقاهرة.
https://areq.net/m/%D9%85%D8%B3%D8%AC%D8%AF_%D8%A7%D8%A8%D9%86_%D8%B7%D9%88%D9


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

%84%D9%88%D9%86.html

٧- منارة قطب منار

https://pport.com/delhi/rrem-12/

٨- قصة جامع النوري الكبير ومئذنته "الحدباء" في تسعة قرون.

https://al-ain.com/article/minaret-grand-mosque-nuri

٩- منارة سنجار.

https://mappingmena.org/ar/map/iraq/sinjar-archaeological-lighthouse

١٠- المنارة المظفرية.

https://ar.wikipedia.org/wiki/%D9%85%D9%84%D9%81:Mudhafaria_Minaret_Minar_Park_Erbil_Iraqi_Kurdistan_August_٢)_٢٠٠٩).jpg

١١- ثرثار ولكنه موسوعة تاريخية الطريق من بغداد إلى السليمانية الجزء الثاني.

https://www.algardenia.com/maqalat/37105-2018-09-22-18-13-56.html

12- Bab Zuwayla Cairo

https://ar.wikipedia.org/wiki/%D9%85%D9%84%D9%81:Bab_Zuwayla_Cairo_12_0864.jpg

١٣- دوربين شما/ منار خسروجرد.

https://akharinkhabar.ir/amp/interestings/1467069/%D8%AF%D9%88%D8%B1%D8%A8%DB%8C%D9%86-%D8%B4%D9%85%D8%A7-%D9%85%D9%86%D8%A7%D8%B1-%D8%AE%D8%B3 %D8%B1%D9%88%D8%AC_%D8%B1%D8%AF

١٤- مئذنة زيار.

https://ar.wikipedia.org/wiki/%D9%85%D8%A6%D8%B0%D9%86%D8%A9_%D8%B2%D9%8A%D8%A7%D8%B1